# ئامۆژگاری دایکێک



**سەرگوڵی عەزیزی**
**بە تۆ نیشتمان**
**پێشکەش**

**جگەر گۆشەو تاقانەکەم**
**بینای چاوم**
**لە خەمەکانی دڵی من**
**ئازارەکانی دلی خۆت وورد بەرەوە**
**نیشتمانی پڕ لە گوڵی باوانی تۆ**
**بەهەشتێکە**
**قەت بەبێ خەم بۆی مەڕوانە**
**پێبزانە**
**قەیرو حورمەت**
**شان و شەوکەت**
**شکۆمەندی قەدر زانە..**
**دە کۆرپەکەم**
**نەفرەت لە پشتی خۆت مەکە**
**زوبانی من زۆر شیرینە**
**نەژادی من زۆر دێرینە**
**یەکەم وانەی خۆشەویستی**
**لەئاتەشگای هەق پەرستی**

Kurdistannet کوردستان نێت

دەنگی من بو
بە هۆرەوە جاڕی ئەدا
بەکوردی ووت
خوێندن داری ئازادییە
بە خوێن نەبێت بەرناگرێ
خویندن دەرمانی برینە
بەخوێن نەبێت چارەناکرێ
جگەرگۆشەم
چەند بخوێنی هێشتا کەمە
بۆ ئەم خەمە
بۆ ئەمرۆژگارە پڕ تەمە..
بۆ رزگاربوون لە سێ قۆڵی
ئەم ستەمە
لەوەی کەمە
لەوەی کەمە ..

1996/8/17